www.kurdistannet.org
5-4-2007 1:13 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

قسەیەک بۆ دۆخی ئێستا. ... محەمەد مێرگەسۆری

ئەو دەنگۆیانەی ئیستا لە ناو کادروئەندام ولایەنگرانی یەکێتی دێنە باسکردن. بەتایبەت دوای نەخۆشکەوتنی لەناکاوی بەرێز مام جەلال. جێگەی هەلوێستەلەسەرکردنە. لەگەڵ ئەوەش ئەو شێوە لێکدانەوەو زمانەی ئیستا کۆمەلێك کەس قسەی پی دەکەن لەوانەیە هەلچوداچونی ئەو تێرامانەی خۆیان بێت. نەك سەری خۆیان. لەبەر ئەوەی هەمومان یان زۆربەمان ئەو سەرکردایەتیەی خۆمان دەناسین، کەتاچەند لەبەرامبە ناڕەحەتیە چاوەروانەکراوەکان ودۆخە ئالۆزەکان چاوکراوەیە ولە رابردوش چەندین ئەزمونی تالی بەرێکردوە.

باسکردنی لەدانان وجێگرتنەوەی بەرێز مام جەلال لەلایەن،، هەڤالێکی مەکتەبی سیاسی یاخود سەرکردایەتی. وەك قسە شتێکی ئاسیاییە، . نەك لەبەر ئەوەی بەرێز مام جەلال هیچ کەلك وپێگەیەکی نەماوە. بەلکو زەروریەتێکی ئەم قۆناغەی ئیستایە. ئینشائەللا تەمەنی مام هاوتای تەمەنی شاخەکانی کوردستان بێت. بەلام لەگەل ئەوەش ئەبی حیزب یان هەر رێکخراوێکی سیاسی بیر لە ئەلتەناتیڤی سەرکردەو رابەرەکانی بکاتەوە. بەتایبەت رێکخراوێکی وەك"ی. ن. ك". چونکە ئەزمونە مێژوییەکەی ئەو بواڕە دەدات. کە ئەندامانەکانی بیر لە شتێکی وەك ئەو بابەتە بکەنەوە. بەلام لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەندی لایەنی ئەو ئاریشەیە بکەین. ئێستا دەنگۆی هەلبژاردن وجێگرتنەوەی بەرێز مام جەلال هەیە. لەرووی میکانیزمی کاروئیشەکانی. بۆ ئەو مەبەستەش باس لە چەندکەسێکی دیاری سەرکردایەتی "ی. ن. ك" دەکری. هەریەکێك لە هەڤالانە لە بزاڤی خەبات وپێشمەرگایەتی یەکێتی رۆلی بەرچاویان هەیە. کەواتە لێرە دەگەینە ئەو ئەنجامەی. کە تەنها یەك بەدیل نییە بۆ دانان لە شوێنی سکرتێری گشتی. بەلکو چەند کەسێکن. واتە "بدائل"هەیە واتە کۆمەلێك بەدیل. لەحالەتی ئەواشدا، گریمان وئەگەری زۆر، لە هەیکەل وهەرەمی خوارەوەی ئۆرگانی حیزبی دورست دەبێت. هەر کەسەو قسەیەك دەکات. هەوەها جۆرێك لە رەئی نائیجمای لی دەکەوێتەوە. ئەمەش بۆ خۆی ململانێی وناتەبایی ودلەراوێکی لی دەکەوێتەوە. بەتایبەت لەو حالەتەی ئیستای خۆمان. چونکە ئەو بەدیلانە هەموپان قورسایی وپێگەیەکی فراوانی خۆیان هەیە لەناو ریزەکانی تەنزیمی و رێکخراوەی ی وحیزبی. بۆیە ئەبی لە ئەنجامی هەنگاوی بە عەمەلی کردنی کارێکی لە شێوەیە.

بریارێکی بە کۆمەل"ڕجماع"هەبێت. هەوەها دەبی"ئینساتیڤ" دەسپێشخەری بوێرانەش هەبێت. مەبەست لە دەستپێشخەری، هەولێکی بە ئاکام گەیشتو لەلایەن ئەو هەڤالانە هەبی، کە جی بروا ومتمانەی ئەندامانی یەکێتی نیشمانی کوردستانن ودەیانەوەی کارێکی مەزن بۆ یەکێتی بکەن وسەروەرییەك بۆ خۆیان تۆمار بکەن. لەبەر ئەوەی بەبی کۆششێکی دەسپێشخەریانە زەحمەتە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە بێتەدی. لەوانەیە بەبی هەولێکی بەو رەنگە، ببێتە هۆی لێکترازانی ئۆرگانی رێکخراوەیی وحیزبی یەکێتی. لەهەمانکات ببێتە هۆی دورستبوونی بی متمانەی ئەو خەلکانە پێشتر متمانەیان بە یەکێك لە هەڤالانە هەبوە، کە بۆ رابەرایەتی کردنی حیزب دیاری کراون. کەچی لەداویدا بەچاوێکی تر سەیری بارودۆخەکە دەکات. بی گومان ئەوەش زەرەروزیان بە هەمولایەك دەگەیەنی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.